نێچیرڤان بارزانی پێشوازی کرد لە پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق کرد. سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەت، لەبارەی دۆخی دارایی، بەهای دیناری عێراقی و هەوەکانی بانکی ناوەندی بە سەقامگیریی دارایی لەگەڵ عێراق قسەیان کرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ پێنجشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و عەلی عەلاق، پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق، لە کۆبوونەوەیەکدا جەختیان لەسەر گرنگیی هاوکاری و هاوئاهەنگیی بانکەکان لەنێوان عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ بانکی ناوەندیی عێراق کردەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان "پێزانینی خۆی" بە هەوەکانی بانکی ناوەندیی عێراق دەربڕی لەسەر رووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان و راگرتنی بەهای دینار.

وەکو لە راگەیەندراوەکەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بە

کارە لەپێشینەکانی بانکی ناوەندی کرد بە چێنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگارییەکاندا و چارەسەرکردنی کێشەکانی نەختینە و دارایی.